# ویتر جێگیره وپێویسته (ئەنجامبدرێت)، هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە حەوت (ڕکات)، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە پێنج (ڕکات)، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە سێ (ڕکات)، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە یەک (ڕکات)

لە ئەبی ئەیوبی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ویتر جێگیره وپێویسته (ئەنجامبدرێت)، هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە حەوت (ڕکات)، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە پێنج (ڕکات)، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە سێ (ڕکات)، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە یەک (ڕکات)».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (ویتر جێگیره وپێویسته -ئەنجامبدرێت-): واتا هەقە وجێگیرە لە سونەتدا وئەمیش جۆرێکە لە جەختکردنەوە، وهەروەها بە مانای واجب بوونیش دێت، ولێرەدا مەبەست جەختکردنەوەیە لەسەر نوێژی ویتر چونکە بەڵگەکانی تردا بە ڕوونی هاتووە کە واجب نییە، هەروەکو لە فەرموودەیەک لە هەردوو کتێبی سەحیحدا هاتووە، تەڵحە کوڕی عبید الله دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خەڵکی نەجد بوو، وپرسیاری لە پێغەمبەر کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەو نوێژانەی فەرزە لەسەری ئەنجامی بدات، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: [خمس صلوات في اليوم والليلة] واتە: [پێنج نوێژە لە ڕۆژ وشەوێکدا]، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ نوێژێکی تر فەرزە لەسەرم؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: [لا إلا أن تطوع] واتە: [نەخێر، مەگەر خۆت نوێژی سونەت ئەنجام بدەیت]. ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر نوێژی ویتر واجب بووایە ئەوا لەگەڵ پێنج نوێژە فەرزەکە باسی دەکرد. وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: [خمس صلوات كَتبهن الله على العِباد، فمن جاء بِهن لم يُضَيِّع مِنهن شيئا؛ اسْتِخْفَافًا بحقهن، كان له عند الله عهد أن يُدخله الجَنَّة] واتە: [پێنج نوێژ خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر بەندەکان، ئەوەی ئەنجامیان بدات وهیچیان لە دەست نەدات بەهۆی پشتگوێ خستنی فەرز بوونیانەوە، ئەوا پەیمانە لە لایەن خوای گەورەوە کە بیکاتە بەهەشتەوە]. وله بەڵگەکانی تری واجب نەبوونی؛ ئەو فەرموودەیە کە لە هەردوو کتێبی سەحیحدا هاتووە، لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موعازی نارد بۆ یەمەن وپێی فەرموو: [فأعلمهم أن الله افترض عليهم خمس صلوات في اليوم والليلة] واتە: [پێیان ڕابگەیەنە؛ خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەریان فەرز کردووە لە ڕۆژ وشەوێکدا]، ئەمە لە باشترین بەڵگەکانە لەسەر ئەم بابەتە چونکە کاتی ناردنی موعاز بۆ یەمەن ماوەیەکی زۆر کەم بوو پێش کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-. وهەروەها لە بەڵگەکانی تر: عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: [-نوێژی- ویتر فەرز نییە]. بۆیە کاتێک دەفەرموێت: (الوتر حق:ویتر جێگیره وپێویسته -ئەنجامبدرێت-): زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر سونەت بوون وفەزڵی ئەم نوێژە -سونەتێکی زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە: سنة مؤكده-. دەفەرموێت: (هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە حەوت -ڕکات-، و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە پێنج -ڕکات-): واتا دوو ڕکات ئەنجامدەدات پاشان سەلامدەداتەوە ودوو ڕکاتی تر دەکات پاشان سەلام دەداتەوە، وپاشان یەک ڕکاتی ویتر دەکات وسەلام دەداتوە، ئەمە بنچینەیە لە شەونوێژدا چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: [صلاة الليل مثْنَى مثْنَى] -متفق علیە- واتە: [شەونوێژ دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامدەدرێت]. وهەروەها دەتوانێت هەمووی پێکەوە ئەنجامبدات وتەنها لە ڕکاتی کۆتایی دابنیشێت بۆ تەحیات

خوێندن -بۆ تەشەهود-، وئەمیش دروستە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیداوە هەروەکو لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە، ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: [وتر بِسبع وبِخمس لا يَفصل بينهن بسلام ولا بكلام] -رواه أحمد- واتە: [-نوێژی- ویتری ئەنجامدەدا بە حەوت یان پێنج ڕکات بە دوای یەکترەوە، بە بێ ئەوەی جیاوازی بکاتە نێوانیانەوە -لە کۆتایی نێوان دوو ڕکاتەکانەوە- بە سەلامکردن وقسەکردن -تەحیات خوێندن-]. کاتێک دەفەرموێت: (و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە سێ -ڕکات-): واتا دوو ڕکات ئەنجامدەدات پاشان سەلام دەداتەوە، پاشان یەک ڕکات نوێژی ویتر دەکات، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: [صلاة الليل مثْنَى مثْنَى] -متفق عليه- واتە: [شەونوێژ دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامدەدرێت]، ولەوەیە مەبەست لێرەدا ئەوە بێت پێکەوە هەر سێ ڕکاتەکە ئەنجام دەدات وتەنها لە ڕکاتی کۆتایی بۆ تەحیات -تەشەهود- دادەنیشێت، ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێت: [پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەنوێژی ویتردا: سبح اسم ربك الأعلى -سورەتی الأعلى-، ولە ڕکاتی دووەمدا -قل يا أيها الكافرون:سورەتی الكافرون-، ولە ڕکاتی سێیەمدا -قل هو الله أحد:سورەتی الإخلاص-ی دەخوێند، وتەنها لە ڕکاتی کۆتاییدا سەلامی دەدایەوە] -رواه النسائي-. وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: [پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە دوو ڕکاتەکەی -نوێژی- ویتردا سەلامی نەدەدایەوە] -رواه النسائي-. شێخ ئیبن عوسەیمین -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: دروستە نوێژی ویتر بە سێ یان پێنج یان حەوت یان نۆ ڕکات ئەنجام بدرێت، ئەگەر نوێژی ویتری کرد بە سێ ڕکات؛ دوو شێوازی هەیە وهەردوویان دروستە: 1- هەر سێ ڕکاتەکە پێکەوە ئەنجامبدات بە یەک سەلامدانەوە. 2- لە پاش ئەنجامدانی دوو ڕکاتی یەکەم وتەحیات خوێندن سەلامدەداتەوە، پاشان یەک ڕکاتە ئەنجامدەدات. وباشتر ئەوەیە کە لە پاش ئەنجامدانی هەر دوو ڕکاتێک سەلام بداتەوە، پاشان یەک ڕکات نوێژی ویتر بکات بۆ ئەو نوێژانەی ئەنجامیداوە، چونکە بەم شێوەیە پەرستنی زیاتر ئەنجامدەدات وزۆرجار پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە شەونوێژی کردووە. دەفەرموێت: (و هەرکەسێک ویستی ویتر ئەنجامدەدات بە یەک -ڕکات-): واتا تەنها یەک ڕکات -تاکە ڕکاتێک- ئەنجامدەدات ولە پێشیەوە دوو ڕکات ئەنجام نادات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11262

---